15-11-2007 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ناوەندی چاک لە دروستبونەوە بۆ ئینشقاق و کۆنگرە ... سازدانی: سارا محەمەد**

سەرپەرشتیاری گشتی ناوەندی چاك (ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد) عەلی مەحمود محمەد، کەناسراوە بە عەلی سیاسی لەچاو پێکەوتنێکی تایبەتدا سەبارەت بە بەستنی کۆنگرەی ناوەندی چاك و هەموو گۆرانکاری و پێشهاتەکانی لەناو ناوەندەکەدا، رایگەیاند ناوەندی چاك لەسەرەتای مانگی 1 تا 2007/12/3 گۆنگرەی خۆی دەبەستێت. هەروەها لەو چاوپێکەوتنەدا بەووردی ئاماژە بە سەرەتای دروست بوونی ناوەندی چاك دەکات و، دواتر چەندین ووردەکاری لەبارەی ئینشقاقی ناوەندەکەیانەوە لەم چاوپێکەوتنەدا بەوردی باسی لێوەدەکات باس دەکات. ئەمەش دەقی چاو پێکەوتنەکەیە

پرسیار: بیرۆکەی دامەزراندنی ناوەندی چاك، لە کێوەو چۆن هات.

عەلی مەحمودمحمەد: لە ساڵی 2001 لە چوارچێوەی کاروانی ئاشتی و بزووتنەوەی رۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی کوردستان لە هۆڵەندا کۆمەڵێك کارو چالاکی باشمان بۆ ساڵیادی هەڵەبجە و ئەنفال ئەنجامدا، لەگەڵ هەر کارێکدا مرۆڤ دەستی کراوەتر دەبێت بۆ کاری دیکەو گەورەتر، ترس و گومانی دەرەوێتەوە، لە رۆژەکانی کۆتایی ساڵی 2001 پەیوەندیمکرد بە کاك سەلام عەبدوڵڵەوە بۆ چۆنیەتی رێکخستنی کەمپینێك بۆ یادی هەڵەبجە و ئەنفال، کاك سەلام هات بە پیرییەوە و بانگەوازەکەی نووسی، وەلێ لە سەرەتادا زۆر توند بوو، خاڵی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ناوەندی لە کۆپنهاگن بەلای منەوە گران بوو، ئەوە بیرۆکەی کاك سەلام بوو، بۆیە چەند رۆژ لە جەدەلدا بووین تاکو لە رۆژی 5-1-2002 دوا فۆرمۆڵەی بانگەوازەکەمان نووسییەوە، لە سایتی کوردستان نێتەوە لە بەرواری 6-1-2002 بڵاومان کردەوە، ئیتر دۆستان و دڵسۆزان پەیوەندیان کرد، سەرەتا بە ناوی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال، دوایی لە ئۆکتۆبەری 2002 بووە ناوەندی هەڵەبجەو ئەنفال دژ بە جینۆسایدی گەلی کورد پاشان لە کۆتایدا لەسەر ناوەکەی هەنووکە گیرساینەوە.

پ: باشە دوای 14 ساڵ لە کارەساتەکە، بوونی سەدان هەزار کورد لە هاندەران بە بۆچوونی بەێزتان کاتێکی درەنگ نەبوو بۆ دروستکردنی ئەو رێکخراوە؟

عەلی مەحمودمحمەد: ڕاستە درەنگ بوو وەلێ کردن باشترە لە نەکردن، تاوانی ئێمەش نەبوو درەنگ ئاوارە بووین، ئەو گازندەیە لەوانە بکە زووتر لە هاندەران بوون، دیارە زۆر کورد لە هاندەران بوون توانای مادی و رۆشنبیری و سیاسییان لە ئێمە زیاتر بوو، کەچی بیریان لەوە نەکردبووەوە، خۆزگە پێش ئێمە ئەو کارە بکرا، وا نەبوایا ئێستا ئەزموون زیاتر دەبوو لەو بوارەو کاری زیاتریش ئەنجامدەدرا.

پ: ئێوە ئەو کەسانە چۆن یەکترتان دۆزییەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە دیارە لە زۆربەی شارەکانیش ئۆفیسی چاکتان هەیە؟

عەلی مەحمودمحمەد: لەو کاتە من و چەند برادەرێك ژورێکمان بەرێوە دەبرد لە پاڵتاك بەناوی ژوری پێشکەوتنخوازان، زۆربەی ئەوانەی بەشداربوون یان چالاك بوون لە کەمپینەکە، ئەو بەرێزانە بوون دەهاتن بۆ ئەو ژورەو شەوانە بەشداری گفتوگۆکانیان دەکرد، سەرباری ئەوەی بەشێکی باشیشمان لە کوردستانەوە لە هەمان بواردا کارمان پێکەوە کردبوو، لە درێژەی کارکردنیشدا ئاشنایەتیمان بە بەرێزانی دیکە لە مەودای زەمەنی جیاوازدا پەیدا کرد.

پرسیار: چۆن کۆمیتەکانی رێکخراوەکەتان درووست کرد؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

15-11-2007 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

عەلی مەحمودمحمەد: لە سەرەتای دەستبەکاربووندا، کۆمیتە نەبوو، چالاکییەکانی چاك بەشی زۆری لە هۆڵەندا چڕ دەبووەوە، دەوترا بارەگای سەرەکی لە هۆڵەندایە، سەربارى چالاکی لە دانمارك کە کاك گۆران هەڵەبجەیی نوێنەرمان بوو لە دۆسیەی نەزار خەزرەجی، ئاریز داراپوور 4 ساڵ لە ئەڵمانیا بە تەنها ساڵانە چەند چالاکییەکی ئەنجام دەدا، کاك سالار سۆفی و عەدنان کۆچەر بەهەمان شێوە ساڵانە یادەکانیان دەکردەوە لە فنلەند و بەریتانیا، قادر نادر و هیوا ناسیح ئاکتیڤ بوون لە دۆسییەی خەزرەجی، ساڵی یەکەم کەنەدا زۆر چالاك بوون، زوو چاکم بە فەرمیمکرد لە هۆڵەندا، کارتی بانکم دەرهێنا، لە کوردستانیش لەگەڵ کاك سەلاح بەفەرمیمان کرد، ئیتر دواجار ورده ورده لە ساڵی 2003 و 2004 بە دواوە، سەرەتا لە سوید، دواتر لە سویسرا کۆمیتەمان پێك هێنا، ئەوجا دانمارك و نەرویج و دوای کۆنگرە ئەڵمانیا و بەریتانیا کۆمیتەیان لێ پێکهێنرا، ئەم کۆمیتانە هەموو بە هەوڵدان و داواکاری ئێمە درووست بوونە، هەر کۆمیتەیەك لەوانە بە چەندین جار داواکاری وپەیوەندیکردن ئێمە درووست بوونە، هیچ کۆمیتەیەك لە خۆیەوە لە دایك نەبووە.

پرسیار:لەو نوسینانەی کە لەسەر ناوەندی چاك نوسراون خوێندمەوە نووسرابوو (عەلی سیاسی بە بێ پرس کۆمیتەی هەڵەبجەی دروستکردووە)، ئەمە تاچەند ڕاستە؟

عەلی مەحمودمحمەد: لەوانەیە هەموو کۆمیتەکان بە بێ پرس دروستکرابێت، زیاتر دەستم لە دروستکردنیدا هەبوبێت وەك لە کۆمیتەی هەڵەبجە. هیچ کۆمیتەیەکی چاك نییە داوای کۆبونەوە و پێکهێنانیم نەکردبێت جگە لە کۆمیتەی هەڵەبجە.

چاك ناوی هەڵەبجەی لە خۆی هەڵگرتووە، 4 ئەندامی خەڵکی هەڵەبجەی لە دەستەی بەڕێوەبەردا هەبێت، پاش 6 ساڵ لە کارکردنی کۆمیتەیەکت لەو شارە نەبێت، ئەمە چی دەگەیەنێت؟، پاش ئەوەی کاك خەبات پەیوەندیکرد بە چاکەوە لە ڕێگەی کاك (ڕێزین ئیبراهیم) ەوە، بەدوای ئەوە لە ڕێگەی هاندانی کاك قادر نادر و بە دەستپێشخەری کاك ڕێژین و پارێزەر کاك ڕەفعەت هەڵەبجی و کاك خەبات، بە تایبەتیش کاك خەبات ئەو کۆمیتەیە پێك هێنرا، نازانم منێك لە کەرکووك و قادر نادرێك لە دیبەگەوە کۆمیتەمان لە هەڵەبجە پێ درووست بکرێت، هەڵەبجەییەکان ناوچاك بۆ خۆیان نەتوانن ئەمە بکەن، ئەمە چی دەگەیەنێت؟، ئاگاداری کۆبونەوەو بڕیاری پێك هێنانی ئەو کۆمیتەیە و ناوی ئەندامانی کۆمیتە جێگری سەرپەرشتیار و بەرپرسی لقی کوردستان و بەرپرسی لیژنەی ڕێکخستن ئاگاداربوونە، بەرپرسی ڕێکخستن پیرۆزبایشی بۆیان نارد، دەستخستنە ناو ئەو کارەی من تەنها ئەوە بووە من دەستخۆشیم لێیان کردووە، ئێستاش یەکێکن لە کۆمیتە چالاکەکان چاك و جێگای ئومێدن.

پرسیار: باشە ئەی دەست خستنە ناو کاری کۆمیتەکانی تر، وەك لە نووسینێکی تردا نووسرابوو، بۆ وەڵامتان نەبوولەسەر ئەوە؟

عەلی مەحمودمحمەد: نووسینی نا بەرپرسانە پێویست بە وەڵامدانەوە ناکات، هەمووکات مرۆڤ لەگەڵ نووسینی جدی جەدەل دەکات، ناو و توهمەت ڕیزکردن سانایە، وەلێ گرنگ سەلماندنە و ئامادەییبە بۆ لێکۆڵینەوە، پێمان وابووە ئەو نووسینانە لە ئاستی شکۆی چاك نییە، ئێمە چاکمان بە کارە زۆرو زەبەنەکانمان خۆشەویست و گەورە کرد، چۆن دڵمان دێت ئازاری بدەین بە نووسینی نابەرپرسانە، ئەوانەی ئازاری دەدەن پێوەی ماندوو نەبوونە، ئەوانەی باسی چاکسازی دەکەن زۆرترین پێشێلکردنی کاری ڕێکخراوەیی و جنێو گەندەڵی و هەڵپەکردنی سەرەتاتکێ لەوانەوەیە، ئێستاش باوەڕم بەوە نییە خۆم بهێنمە ئاستی ئەو نووسینانە، چونکە بە زیان بۆ سومعەی چاك دەگەڕێتەوە، بەرپرسی ئەوسای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆمیتەی نەرویج ئێستا لەگەڵ ئەو گروپە چەند کەسییەیە کە جیابونەتەوە، ئەگەر ڕاستی ئەو تۆهمەتەی سەلماند و ئەو وتی وایە عەلی دەستی خستۆتە ناو کاری کۆمیتەی نەرویجەوە، ئەوا بۆ هەموو کۆمیتەکانی دی دەڵێم ڕاستە، من جگە لە بۆ چالاکی و کارکردن، تەداخولی کاری هیچ کۆمیتەیەکم نەکردووە.

پرسیار: دەڵێن ئێوە چاك نین و کەمایەتییەکن، چەندین جار داواتان لێکراوە ناو و ئارمی خۆتان بگۆڕن بۆچی؟

عەلی مەحمودمحمەد: ئەو بەڕێزانەی ئەو داواکارییە دەکەن باوەڕ ناکەم خۆیان باوەڕیان بە وتەکانی خۆیان بێت و متمانەیان بە خۆیان هەبێت و لە داواکارییەکەیان جدی بن، باوەڕیان بە خۆیان بێت وەك ڕێکخراوێك کار بکەن بە ئاستی چاك، باوەڕ ناکەم باوەڕ بەوە بکەن ئەم هەموو میراتی کارو چالاکییەی چاکیان بۆ بەجێمابێت کە زۆریان بچووکترین نەخشیان لە ئەنجامدانیدا نەبووە، وەلێ نابێت بەڕێزانێکی وەك سالار سۆفی، سەلاح گەرمیان، دلێر محەمەد عەلی و ئەمیر قادر لە بیر و یاد بکەین کە لە قازانج و زەرەر بە هەق لەگەڵمان شەریك بوونە، بۆیە بێنمەکییە باسیان نەکرێت، بۆیەشە لەکاتانەی کەسانێك خودی ئەو برادەرانە داوای دەرکردنی کاك دلێریان دەکرد من نەیار بووم. پێموانییە ئەوان لەو داواکارییەیان جدی بن، ئەگەر هەموو چاك لەگەڵ ئێمەش بن ئەوان نەك چەند کەسێك بگرە یەك کەسیش بن دەکرێت دابنیشین لەگەڵیان بۆ جیاکردنەوەی ماڵ قسە بکەین، ئەگەر بە نیازن کار بکەن بۆ ئەنفال و ژینۆساید باوەڕیشم وایە زۆریان دەیانەوێت کار بکەن، وەلێ ئەگەریش بە نیازن وەك حاجی ئەنوەر هەر خەریکی مهاتەراتکردن بن ئەوا هیوای چاك بونەوەیان بۆ دەخوازم.

سەبارەت بە زۆرایەتی وکەمایەتی، ئێمە 17 ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریمان هەبوو پێش جیابونەوە، یەك لەو بەڕێزانە لە بەرواری 28-8-2007 دەستکێشانەوەی خۆی دووجار ڕاگەیاند، لەگەڵ دەست لەکار کێشانەوەکەی کۆمەڵێك تۆهمەتی بۆ من هەڵبەست داوای سەلماندنی ئەو تۆهمەتانەمان لێی کرد، وەڵامی نەبوو، دوای دەست لەکار کێشانەوەی دوو کۆبونەوە ی کۆمیتەکەیانکرا، بەشداری کۆبونەوەکانی نەکرد، بۆیە ئەو بەڕێزە ئێستا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر نییە، لە کۆی 16 ئەندامەکەی دەستەی بەڕێوەبەر ئێستا 10 یان لە ناو چاك ماونەتەوە، سەرباری ئەوەی هەر چوار ئەندامی لیژنەی چاودێری لەناو چاك ماونەتەوە کە لە کۆنگرە هەڵبژێردراون، ئیتر ئەوان دوای جیابونەوەیان کۆمەڵێك کەس لە ئەندامان و خزمانی خۆیان دەکەن بە دەستەی بەڕێوەبەر ئەوا ئازادن، لای ئێمە هەموو ئەوانە دەستەی بەڕێوەبەرن لەو کاتەی چاك یەکگرتوو بوو بۆیان هەبوو بەشداری کۆبونەوەی دەستەی بەڕێوەبەر بکەن لە ڕوی ڕێکخراوەیشەوە کەس ناتوانێت نکۆڵی لەمە بکات، ئێستاش ئەوان ئازادن بە ئەندازەی دانیشتوانی چین دەستەی بەڕێوەبەریان هەبێت، هیوادارم هەموو دەستەی بەڕێوەبەر بن و هەر زۆرتر بن، چونکە دوو ڕێکخراوی جیاین، ئەوان ناتوانن تا سەر لەسەر ئێمە بژێن، ئەبێت گوتاری خۆیان، ئیشی خۆیان هەبێت، تۆ بەلاتەوە سەیر نییە ئێمە کەمایەتی بین کە لەوساوە 15 خۆپیشاندانمان دژ بە تورکیا، 6 دژ بە تۆپباران ئەنجامدابێت، لە 3 وڵات یادی قارنێمان کردبێتەوە، یادی عامودامان کردبێتەوە، سکاڵا لە سەرۆك کۆمارکرابێت، لە هەولێرو سلێمانی چالاکانە پشکداری خۆپیشاندانمان کردبێت، ئەگەر ئەوان زۆربەن با کارەکانی خۆیان بژمێرن، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو بەڕێزانە لەناو خۆیاندا یەکگرتوو نین، ناتوانرێت حیسابی یەك کوتلەیان بۆ بکرێت، باوەڕ ناکەم تاکو ئەم چرکە ساتە یەکگرتویی خۆیان پاراستبێت، لە داهاتووشدا ناتوانن نە لە ناوخۆیانا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکگرتوو بن، نە دەشتوانن لەسەر قسەکەر و بەرپرسێك لە مەودای دوور ڕێك بکەون، هاوکات لای بەشێکیان ئینشقاقکردن بۆتە کولتورێك بە سانایی ناتوانێت خۆی لێدابڕێت، هەروەها ناشتوانن لەگەڵ ئەندامانی نوێ هەڵکەن، چونکە ئەوان باوەڕیان بەوە نییە ئەندامان هەموو مافێکی هەبێت. لە بنکەی ناوەندیشا ئەو بەڕێزانە نەك کەمایەتین بگرە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی چاك لەناو چاك ماونەتەوە، تاك و تەرا نەبێت ئەندامانیان لە گەڵدا نەڕۆیشتووە، ئێمە وتومانە کێ دەڕوات ئازادن، لەگەڵ یەك کەس لەوانەی ڕۆیشتووە قسەمان نەکردووە بۆ گەڕانەوە، وەلێ ئەوان لە کاری تێکدەرانەی خۆیان بەردەوامن، چونکە لە 40 ملیۆن کورد بۆ خەریکی ئەندامەکانی ئەوان بین، ئەبێت بە دوای خەڵکی دیکەو وزەی دیکەدا بگەڕێین، جیاوازی لەوە نەبابینینەوە خۆشەویستانێك لەگەڵ ئەوان بن، ئەگەر مەبەست کارکردنە بۆ جینۆساید.

پرسیار: کەواتە ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئینشقاقتان کردووە؟

عەلی مەحمودمحمەد: ئێمەین لە شوێن خۆمان ماوین و لە چالاکییەکانمان بەردەوامین، کۆبونەوە گشتیەکانمان بەردەوامە، هیچ بەیانێکمان دەرنەکردووە، بە میتۆدی خۆمان درێژە بە کارەکانمان دەدەین، لیژنەکان لە شوێن خۆیان بەردەوامن لە کارو چالاکی، کۆمیتەکان درێژە بە کاری خۆیان دەدەن و هەموو ماونەتەوە جگە لە سویسرا، چالاکییەکان ئەم دواییە و قەبارەیان ئەو ڕاستییە دەردەخەن چاك سەلامەتە، من تەنها پەرەگرافێك لە نامەیەکی کاك ئەمیر قادرت پێدەڵێم لە ڕۆژی 9-22 نووسیویەتی بۆ مونشەقەکان هاوڕێی و داوایکردووە لێیان کە ئینشقاق نەکەن" چاك لەبەرانبەر دوو ڕێگادایە یان کۆکردنەوەو خستنە سەریەکی و کارکردن لەپرۆژەکانیدا، یان جیابوونەوەو پەرش و بڵاوبوون، لەحاڵەتی دووەمداو بە بارودۆخی ئێستامانەوە نەک هەرچاك (چاکسازی) لەهەمووان زیاتر زیانباردەبێت و فراکسیۆن و کۆمەڵێکی بێ هێز دەردەچێت، دەلیلەکانیش ئەمانەن، خۆدورەپەرێزگرتن لە کۆڕو کۆبوونەوەکان و، کەڵک وەرنەگرتن لە ڕاگەیاندن و زۆر ڕێگای تر خۆبەکەم گرتن و خۆ چووککردنەوە و ساغەنەبوونەوە لەسەربڕیارەکان وتازە ئەوشتانەش کە تادرەنگانی شەو قسەیان لەسەر دەکەین و دەبنەبڕیار چەند هەفتە دواتر نابنە کارو هەر خەریکی دەستو پەنجە نەرم کردنین (ئەمەیان بۆ خۆشیە تکایە) . لەوانەیە ئەگەر ئەوڕێگاچارەی من باسم کرد سەربگرێت و دەستەی بەڕێوەبەر زیندوو کارابکرێتەوە پارسەنگی هێزەکان دیارە ئەگەر بێدەنگ نەبین لەبەرژەوەندی ئێمەبێت ".

لە بەرامبەر ئەم داوایەی کاك ئەمیر، بەداخەوە لە جیاتی ئەوەی بە قسەی بکەن کە کەسێکی ئەزموندار بوو و لە ڕابەرایەتی بزاڤێکی کۆمۆنیستی کرێکاری، کاك دلێر کە پێشتر سەرۆکی سەکۆی سەربەخۆیی کوردستانی بەئینشقاق هەڵوەشاوە بوو لە وەڵامدا بۆی نووسی "سڵاو کاك ئەمیر، نامەکەتم خوێندەوە تکایە با واز لە هەندێك بابەتی لاوەکی بهێنین، بارودۆخەکە پێویستی بەوە نییە کە ئێمە لەسەر خاڵ یان بابەتی لاوەکی نیە. هەمووش دەزانین کە ئەبێت کاری هەمە لایەنە بێت و لە هەموو بوارەکاندا. ئێستاش شەڕەکە دەستی پێکردووە و پێویستی بە کار هەیە، کاك تاهیر ڕەحیم لە نامەیەکدا لە بەرواری 25ی ئۆکتۆبەر کاتژمێر 7 و 5 دەقەی ئێوارە نوسراوەو بۆ خۆم هاتووە، بە ڕاشکاوی دەنووسێت پارسەنگ بەلای ئەولادا شکاوەتەوە، ئەو بەڕێزانە وەك دەبینن لەناو خۆیاندا، بڕیاری ئینشقاق دەدەن، متمانەو باوەڕیان بەخۆیان نییە چاك بن و چالاك بن، ڕوو لە دەرەوەش هەموو قسەیەك دەهۆننەوە، خۆیان بە گروپێکی لاواز و ئێشنەکەر دەناسێنن لە ناو خۆیان، ڕوو لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

15-11-2007 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ڕاگەیاندنیش ئەوان چاکن، ڕوو لە دەرەوە بانگەوازی ئاشتی و تەبایی دەدەن، کەچی لەناوەوە تیژکەرەوەی شەڕو ناکۆکین، وتارەکان بۆ یەکتری دەنووسن و چاك دەکەن و دادەڕێژنەوە. بێدەنگی ئێمە بە خۆی دوو هۆکارەوەبوو، سەرقاڵ بوونمان بە کاروچالاکییەوە، خۆشبەختانە لە دوای دەرچوونی ئەوان چالاکییەکانمان لە ڕوی چەندایەتی و چۆنایەتی زۆر چۆتە سەر، هەرچەندە لە دوای کۆنگرەوە پشکی زۆری چالاکییەکان چاك، ئێمە هیدایەتمان کرد و ئەنجاممان داوە، ئەو بەڕێزانە بەس سەرقاڵمانیان کرد بەکاری لابەلاوە، ئەو کارانە کاری ئێمە نەبووە، ئێمە لە ناو چاك بۆ ئەوە کۆنەبوینەتەوە خۆمان بە کێشمەکێشێ نا لۆجیکی دوور لەو ئامانجەی بۆی دامەزراوین خەریك بکەین، لەو بڕوایەدام کۆنگرەی دووەمیش هێزێکی گەورەترمان پێدەبەخشێت، لە دوای کۆنگرە بە توانایەکی زۆرترەوە و گۆڕانکاری ڕیشەییەوە دەردەچین، هەروەهابە هەند نەگرتنی نووسینەکان و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆبونەوەی گشتی کە زۆربە لە گەڵ وەڵام نەدانەوە بەو وتارە مهاتەرات ئامێزانە بوونە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆربەی نوسینەکان ئاراستەی من کراون، زۆربەی دژ بە بۆچوونەکانی پێشووی خۆیان بوون، یەکێك دەیووت لەسەر سۆسیال ژیاوە بۆیە کردوومانە بە سەر پەرشتیار، بەڕێزانێکی دیکە باسی ئەوە دەکەن هەموو ڕایەڵەکان و کارەکانی چاك بە دەستمەوە بووە و دکتاتۆرێکی گەورەیان لێم وێنا کردووە، یەکیان بە سەرپەرشتیارێکی بووکە شوشەیی ئەوی دی بە دکتاتۆرێك ناساندومیانە، خۆیان مەحکەمەی خۆیان کردووە، بۆیە هەستم نەکردووە نووسینەکانیان بە زیانم تەواو بوونە بۆیە ئاسایی بووە بە لامەوە ئەگەر ئەوان بەو خەتخەتۆکەیە دڵیان ئیسراحەت دەکات با بەردەوام بن، زۆر شت وترا بەشێکی ڕاست و زۆری ناڕەوا، منیش زۆر زۆر کارم کرد، بە بارتەقای زیاتری هەموو ئەوانەی قورساییان خستە سەرم کارم بۆ چاك کرد، زۆر زۆر کاری باشمکرد لە گەڵیدا هەڵەو کەموکوڕیش هەبووە و لە داهاتووشدا دەبێت، هەموو کات فەردە گوێز چەند دانەی پووچی تیایە، وەلێ فەردەی بەتاڵ تەنها بۆ فڕێدانە، وەلێ لە هەمووی گرنگتر بۆ من ناتوانرا 1 فلس گەندەڵی لەسەرم ساغبکرێتەوە.

سەربەخۆیی چاك پارێزرا، یەك وتار لە بەرژەوەندی دەسەڵات نەنووسرا، کەچی ئەو بەڕێزانە لەم ماوە کورتەدا دوو فاوڵیان کرد، جگە لەوەی پێشتر وەك کاك عامر سابیر لە نووسینێکدا پێشتر ئاماژەی پێدا ئەوان فاوڵی دیکەشیان هەبوو، هیوادارم فاوڵی نەزانانە بێت نەك نەخشە داڕێژراو " لینکی فاوڵەکان لە خوارەوە بڵاوکراوەتەوە ".

لە بەرژەوەندی تاك بەکارنەهێنرا، هەموو دەعوەت و بەشداریکردنێکم ڕەتکردەوە، لەمەدا کاك سالار سۆفیش هاوبیری من بوو، وەلێ کەسانی دی وا نەبوون.

بەڕێز حاجی ئەنوەر لە نامەیکدا دەنووسێت: ماڵمت بە قوڕ گرت عەلی، ئەرێ کاکە ئەوە تۆ ناخەویت؟، کار ناکەیت؟، ماڵومنداڵت نییە؟پشو نادەیت؟نان ناخۆیت؟ناچیتە دەرەوە؟میوانت نایات؟ناچیت بۆ میوانی؟... بەڵێ بەو شێوەیە ئەم 6 ساڵە چاك کاری بۆکرا و بەڕێوەبردرا، دیارە لە دوای کۆنگرە زۆری دیکە هاتنە پێشەوە ئاوا سوتان بۆ چاك و پێشیان خست، حاجی ئەنوەرەکانیش تەنانەت نەك هاوکاریمانیان نەکرد، بگرە تاقەتی وەرگرتنی ئیمەیلەکانیشیان نەبوو.

پێش کۆنگرە بە تایبەت تا ساڵی 2004، من هەمە کارە بووم لە ناو چاك، جاری وا هەبووە بە 6 مانگ بە تاقی تەنها چاکم بەڕێوە بردووە کەس نوزەیەکی لێوە نەهاتووە، جارجارەش کاك سەلاح گەرمیان و کاك دلێر و مامە سالار و کاك ئاریز و کاك ئاکرەیی و ئارام بۆگدی و قادر نادر و هیوا جاف و گۆران هەڵەبجەیی و کاك عەلی ڕەحیمی و کەیوان فەلامەرزی و ڕێکەوت ئیسماعیل و دلاوەر و... دەرکەوتوونە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

15-11-2007 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

" جگە لە کەیسی ئانرات کە یەك چرکە کاك ئەمیر و کاك عەلی رەحیمی لە یەکەم چرکەوە لێی غائیب نەبوونە "، سەیرکەن لە ئارشیفی ماڵپەرەکان بگەڕێن، لە بەڕێوەبەری ماڵپەرەکان بپرسن، تەنانەت ئەوانەی دڵیان بۆ ئەوان لێدەدا، هاوکات بەرپرسی دارایی، رێکخستن، راگەیاندن، پەیوەندی، ... بوومە، لەبەر ئەوەی چاك ئەو گرنگیەی ئێستای نەبوو بۆیە کەس خۆی ناکرد بە خاوەنی، بە زۆریش دەپارامەوە بەرپرسیارێتیان وەرناگرت، ناهاتن بۆ کۆبونەوە، نابوون بە دەستەی بەڕێوەبەر، دەڵێن قازانج شەریکی زۆرە و زیانیش هەتیوو، ئێستاش لە دوای کۆنگرەوە بە کارە زۆرو زەبەنەکانی ئێمە چاك ئاوا چووە پێشەوە، لەسەر خاوەنداریەتی شەرە، یەکێك دەڵێت من ئارمم دروستکردووە، یەکێکی دی دەڵێت من ناوم ناوە... باشە خۆ ئەو بەڕێزانە چەندین رێکخرای دیکەشیان درووستکردووە و سەریشیان خواردووە، بۆ شوێنەوارێك لە ناو ئارمەکانیان نەماوە، ئەوەی چاکی لە کۆمەڵدا چاك کرد، چالاکییەکان ئێمە بووە، نە ناوە و نە ئەو ئارمە ناشرینەیە کە هیچ سەلیقەیەکی هونەری تێدا نییە، ئەگەر وایە با کاك دلێر سەکۆی سەربەخۆیی ببردایەتە ئاستی چاك.

پرسیار: باشە ئەو دەمەی کۆمەڵێك کێشە لە ناو چاك هاتنە پێشەوە، بە تایبەت کێشەی سویسرا، ئایا گەندەڵی سەرچاوەیانە یان هۆکاری دیکەئەکرێت زیاتر بۆمان روونبکەیتەوە؟

عەلی مەحمودمحمەد: کۆمیتەی سویسرا رێك نازانم کەی پێك هات، وەلێ ماوەیەك چاك لەو ولاتە هەرچەندە چەند ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەریشی هەبوو، لێ هیچ جموجوڵ و چالاکییەکی نەبوو ساڵانە ئابوونەوەکانیان کۆدەکردەوەو بۆ منیان دەنارد، سەرەتای پێك هاتنی چەند جموجۆڵێك بۆ دۆزی خەزرەجیکرا، بەڵام ئەوانە هەموو موبادەرەی کەسی بوو کاك هیوا ناسیح ئەنجامی دەدا، پاش درووستبونی کۆمیتە، بە خێرایی چاك لە سویسرا بووە کۆمیتەیەکی زۆر ئاکتیف، لە درێژەی کارەکاندا کۆمەڵێك کێشەی تێکەوت، تا بەو ئەنجامە گەیشت کاك هیوا ناسیح دەستی کێشایەوە، لە سەرەتای ئەمساڵ بڕیاریان دا کۆبونەوەی گشتی بکەن، هەڵبژاردن کرا، لێ کاك حاجی ئەنوەر ئەوەی باس نەکردبوو کە ئەوەی ببێت بە بەرپرسی کۆمیتە دەبێتە دەستەی بەڕێوەبەر، بەهۆی نارەزایەتی لەو خاڵە ئەو هەڵبژاردنە هەڵوەشێنرایەوە، کاك حاجی تەلەفۆنی بۆمکرد وتی: دەمەوێت کەسانی سیاسی بهێنمە پێشەوە، منیش وتم ئەندامن، وتی نا من چی لە ئەندام بوون بکەم، لەگەڵ بەرێز عوسمان تازیکیش لەسەر هەمان بابەت کەوتنە کێشەوە، کێشەکە لێرەوە دەستی پێکرد، کاك حاجی بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆمیتەی چاك لە سویسرا کۆبونەوەی گشتی لە رۆژی 14-4-2007 ئەنجامدا، کە دەبوایا ئەو رۆژە خەریکی یادی ئەنفال بوایا. لیژنەیەك بە سەرپەرشتی کاك سالار و ئەندامەتی کاك ئارێز و خاتوو رووناك ئەحمەد لە پەیوەند بەو کێشەیە پێك هاتن، ئەوان داوایان کرد ئەو کۆبونەوەیە نەکرێت، وەلێ هەر کرا، ئەو لیژنەیە ئەو کۆبونەوەیەی بەفەرمی نەزانی، ئەمە سەرباری ئەوەی لەو کۆبونەوەی کاك هێمن بە بەرپرسی کۆمیتە هەڵبژێردرا، بە وتەی خۆی لەو کاتە مانگێك ئەندام نەبووە، ئەمەش لادان بوو لە پەیرەوی ناوخۆ، کە کاك عوسمان نارەزایەتی دەربڕی بەرامبەر بە کۆمیتەی نوێ، ئیتر کاغەزی کۆن هەڵدرایەوە و تاوانبار کرا بە گەندەڵی، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی وردەوە کە بە دەنگ پارێزراوە لامان دەرکەوت، کاك عوسمان لە دوای کۆبونەوەی ساڵانەی پێشوو راپۆرتی دارایی پێشکەش کردووە کەچی لێی وەرنەگیراوە، بۆ خۆی خودی کاك حاجی ئەنوەر وتوویەتی پێویست ناکات، کاك ئەیوب عەبدوڵڵە بەرپرسی دارایی پێشو ئەم شایەدیەی دا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەرکەوت بەشێوەی خراپ کەڵك لە دارایی چاك وەرگیراوە نەك دزی کرابێت، مەسروفاتی لابەلا دوور لە نەریتی چاك کرابوو وەك "نان و کەباب خواردن، بیرە خواردنەوە، گەشتکردن، پارەی بەنزین دان.. " ئەمانە هەموو غریب بوون بە کولتووری چاك، بۆیە کێشەی گەندەڵی دزی نەبوو، وە لێکۆڵینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامە، بەڵام خراپ بەکارهێنانی دارایی بوو، لەمەشدا کاك حاجی ئەنوەر پشکی زیاتری لە کاك عوسمان بەرکەوتووە، چونکە بەرپرسی کۆمیتە بووە و ڕێگای داوە بەو کارەو بەشداریشی کردووە لە گەڵیان.

ئیتر ئەو دەستەواژانەی دوورن لە پرنسیبی ڕێکخستن و سیاسی و بە فەرهەنگێکی نزم دنووسرێت، بە داخەوە ئەوە بۆتە کولتورێك لای هەندێك، تەنها دەیانەوێت بە جنێو بارانکردن و شەڕ و ئاژاوە بەلای خۆیاندا بیشکێننەوە و ڕەوایەتی بە خۆیان بدەن، هەموو کەس خۆی لە جنێو وهەموو شتێکی پیس لا دەدات.

پرسیار: باشە ئەی بۆ لەهەندێك لەناوەندەکانی ڕاگەیاندندا ئەوان بانگەشەی ئەوە بۆ خۆیان دەکەن کە ئەوان خۆیان بە چاکسازی دەزانن، هەست ناکەیت تەناقزێ هەیە لەو نێوەندەدا؟

عەلی مەحمودمحمەد: هەموو کەس باسی چاکسازی دەکات و خۆی بەڕەوا دەزانێت، کەس بە دۆی خۆی دەڵێت ترش، وەلێ کێ ئەهلی ئەو کارەیە، ئایا چاکسازی بە بێ دسپلین و پەیرەوکردنی بەرنامە دەبێت؟، قەت بینیوتانە بە جنێو قسەی بازاڕی چاکسازی کرابێت لە کۆمەڵگادا، چاکسازی کەسانی دەوێت پێش هەموو کەس پەیرەو لەو ڕەخنانە بکەن کە دەیگرن، من تەنها یەك ڕستەی نامەیەکی ئەندامێکی کۆمیتەی سویسراتان بۆ دەهێنمەوە کە زۆر باس لە چاکسازی دەکات، باسی ئەو جنێوانەی ناکەم دایك و خوشك و خێزانمان لێی بێبەری نەبوونە، باسی زۆر شتی تریتان بۆ ناکەم با سەرتان لە تاوی سپی نەبێت و ناڵێن چۆن دەرنەکراوە، هەرچەندە من و کاك سالاریش باوەڕمان وابوو ئەم کەسە هەقی دەرکردنی هەیە: دەزانیت چ عەلی چ هەندێکی تریان ئەوەی ڕێز بێت لە ئەندامانی ناگرن؟. دەزانیت سەبارەت بە عوسمان، عەلی بە منی ووت ئاشتی کەرەوە و بیکە بەپیاوی خۆی و بەئارەزووی خۆی سواری بە. هەمان قسەیلای کاك هێمن ڕووف کردوەتەوە. من دڵنیام قسەی لەوجۆرەی دەبارەت بەکەسانی تریش کردوە.

لام سەیرە ئەم ماوەیە لەگەڵ کەسێکدا کارم کردووە خاوەندی ئەم ڕەوشتە باڵایەو ئەم کولتورە بەرزە بوبێت، تۆ وەرە 6 ساڵی ڕەبەق شەو بدە دەم ڕۆژەوە بۆ ڕێکخراوێك، بێیت بە شەڕ تەسلیم عەقڵیەتێکی وایبکەیت و سبەی وەك یەکێتی بێکارانی بەسزمانی لێبکات، بە دەردی سەکۆی سەربەخۆیی ببەن، ئەمە چ فەرهەنگێکە، لە کاتێکدا ئەو خەریکی کاری خۆی بوو بۆ دوو ساڵ، 6 مانگ، 8 مانگ بزر دەبوو، لە سیبریاو تورکیا و کوردستان بوو، خەریکی دوکانداری و خەونی بە دەوڵەمەند بوون بە بەرپرسیارێتی و شتی جوان جوانەوە دەبینێت، تۆش شەو ڕۆژ خەریکی کاریت، لە ناکاودا دەردەکەوێتەوەو دەڵێت ئادەی تەسلیمم نەکەیت جنێو بارانت دەکەم، ئەمە چ لۆژیکێکە، دەڵێت بێکارانم چی لێکرد دەبێت ئەمەش وا لێبکەم؟، ئەگەر لە کوردستان کەڵە گایی و تفەنگ هێنانەوە ئاسان بوو لێرە نایخوات، بۆیە دەبێت پێی بڵێین کش، باوەڕە کەن لە دوای کۆنگرە 5 مانگ.... بە چاك و بە خراپ نەبینییەوە، ئێمە خەریکی 8-21 بووین، ئەویش لە لەساتە خۆشەکانی ژیانیدا بوو لە ڕوسیا، ئێستاش ئەڵێت هەر من هەوم، ئەزموونی بێکاران و سەکۆی سەربەخۆیی دوبارە نابنەوە لە ناو چاك.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

15-11-2007 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

پ: دەنگۆی ئەوە هەیە کە دەڵێن ئێوە هەموو دەرگایەکتان داخستووە لە بەردەم چارەسەری، دەستەی بەڕێوەبەرتان مراند، لە بەرامبەردا کۆبونەوەی گشتیتان قیت کردەوە؟.

عەلی مەحمودمحمەد: بۆ من چیم دەستەی بەڕێوەبەری بمرێنم، دەستەی بەڕێوەبەرێك مردوو نەبێت بە من چۆن دەمرێت، بۆ خۆی بە مردویی لە کۆنگرەیەکی مردوو لە دایك بوو، کۆنگرەکەش هەر ئەو برادەرانە ئامادەیان کرد، بەڵام من و کۆمەڵێك لە برادەران و کۆمیتە تێکۆشەرە ماندوو نەناسەکانی چاك، تەسلیم بەو مردنە نەبوین لە چالاکی خۆمان بەردەوام بووین، گوێمان بەکێشەکان نەدا، ئەوان خۆیان سڕ کرد، ئیستقالەیان دەدا و دوایی هەرخۆیان داوای هاتنەوەیان دەکردەوە، بە مانگ بزر دەبوون و نایانمان بینییەوە، لە پڕ بۆ کێشە دەرەکەوتن، بەردەوام سەرقاڵمانیان دەکرد بە کێشەی لابەلاوە ئێمە لە بەرامبەردا هەر چالاکیمان دەکرد، چاکمان لە دەرەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بە کارو چالاکییەکانمان جوانتر دنیشان جەماوەر دەدا، خۆ لە بەیانی ئینشقاق کردنەکەی ئەو برادەرانە لە 22-9 بە ڕونی بەیانی دەکەن ودەڵێن: خۆمان چالاك دەکەینەوە، چالاکییەکانی چاك بەوە ناسراوە خۆی لە چالاکی و کاردا داهێنەر و دەستپێشخەر بووە، نەك بچێت لە سمینارێك وەك گوێگر دابنیشێت، دوایی ڕاپۆرت بڵاو بکاتەوە بە ناوی چاکەوە.

کێشەکان لە کۆنگرە، لە دەستپێکی دانیشتنەوە دەستی پێکرد تا جیابوونەوە لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت، بە سرودی ئەیڕەقیب و وشەی کورد و کوردستان تا زیادکردنی وشەی سەردەشت. هەمان کێشە لە دوای کۆنگرە درێژەی پێدرا دوو ڕۆژ بوو لە کۆنگرە گەڕابوینەوە کاك دانا قادر تەلەفۆنی بوم کرد و وتی: جیهاد و دلێر ئینشقاق دەکەن، دوایی کاك جیهاد تێلی بۆمکرد کۆمەڵێك توهمەی ناڕەوای سیاسی دایە پاڵ کاك دانا، ئەوەندە قورسە لێرە ناکرێت باسبکرێت، پاشان کێشەی بەرنامەشی تێکەوت لە نێوان کاك دلێر و کاك سالار، کێشەی بوونی وشەی سەردەشت لە نێوان کاك دلێر و ئەمیر بەردەوام بوو، ئێمە بەهیچ جۆرێك بەشێك نەبووین لە هیچ یەکێك لەو کێشانە، تەداخولی من لە کێشەکان لە بە جواب هاتنم بوو لەسەر هەندێك هاوڕێ کە تازە هاتبونە ناو دەستەی بەڕێوەبەرەوە، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کێشەیان لە سەر ئەیڕەقیب و کورد و کوردستان و دەستکاریکردنی بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەو ناوی ناوەند هەبوو هەموو پێکەوەن، نە سەردەشتیان لە بیر ما نە چەپ و ڕاست، نە بەرنامەیان لە بیر ما نە پەیرەوی ناوخۆ، هەرچەندە لە نامە تایبەتییەکانیان جار جارە باسی یەکتر دەهێننە پێشەوە.

پ/ ئەگەر بپرسم یەکەم جار کە ناوەندی چاك ئینشیقاقی تێکەوت دەکرێت بەوردی بۆمان باس بکەیت؟

عەلی مەحمودمحمەد: سەرەتا نامەیەك بە واژۆی 8 بەڕێز نووسرا وەك یەکەم کوتلە لەناو چاك، یەکەم خاڵی ڕەخنەکانی ئەوە بوو چاك پرسەنامە زۆر دەنووسێت، مخابن یەکەم بەڕێزی واژۆکەران کە بەڕێز کاك حاجی ئەنورە، کە زۆربەی پرسەنامەکانی پێشووی چاك هەر خۆی نووسیبوی، چەند ڕۆژ دوای ئەو نامەیە پرسەنامەیەکی دیکەی نووسییەوە، خۆشی ناکرد بە خاوەندی تاکو دوایی بەناوی شارەکە دۆزیمانەوە، ئەوان ڕەخنەیان دەگرت چاك بەیان زۆر دەنووسێت، کەچی ئێستا لە بەیان نووسیندا پێشمان کەوتوونە، ویستمان ئەوە بوو لە کاردا پێشمان بکەون، تەنانەت کار گەیشتۆتە سەر ئەوەی لەسمیناری ڕێکخراوی دیکە بەشداری بکەن ڕاپۆرت بە ناوی چاکەوە بنووسن، یان خۆپیشاندان، ئەمانە غەریبن بە کولتوری چاك، چاك بەوە ناسراوە فریای ئەوە ناکەوێت ڕاپۆرتی زۆر لە چالاکیەکان خۆی بڵاو بکاتەوە، نەك کاری خەڵك بە هی خۆی بناسێنێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

من نایەمە سەر تەواوی وردەکارییەکانی کێشەکان، چونکە منیش بێبەری نیم لە هەڵەو کەموکوڕی، پاش ئەوەی کاک سالار کە خۆی بەشێك بوو لەکێشەکان و لەبەرەی ئێمەدا بوو بەرامبەر بە کاك دلێر، تەنانەت لە کۆبونەوەی 2006-11-19 من هەر بەشدار نەبووم و لە سەفەر بووم کێشەکانیان لەگەڵ کاك دلێر تەقاندەوە، پاش پاڵەپەستۆیەکی زۆر لە مانگی 2 بەرنامەم پێیان بڵاوکردەوە و بەڕێز خاتوو چنوور سدیق کە بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری دەرچووبوو هاتە دەستەی بەڕێوەبەرەوە کە ڕێگر بوون لە هاتنی، هاوکات یەکێك لە بەڕێزان هیوا ناسیح یان ڕێکەوت ئیسماعیلیش دەرچوو بوون بۆ دەستەی بەڕێوەبەر، چەندین جار داوای ئەوەم لێی کرد بە نامەو بە تەلەفۆن کە ناوی لیستەکان لەکۆنگرە کەوتبووە لای، ئیعلانی ناوی 13ەهەمین لە دەستەی بەڕێوەبەر بکات ئێستاش نەیکرد، ئەمەش نا وەفادارییە بەرامبەر بە بڕیارەکانی کۆنگرە و خودی ئەو هاوڕێیەی بە هەقی خۆی دەرچووە بەڵام بەهۆی گەمەی سیاسییەوە ئەو مافەی لێ زەوتدەکەیت.

ئەو برادەرانە وەفادار و پابەند نەبوون بە ناوی پەسەندکراوی کۆنگرە، بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرە، ئەندامانی دەرچوو، هیچ یەکێك لە ئێمە بەشێك نەبووین لەو کێشمەکێشانە، شەڕ شەڕی خۆیان بوون، شەڕ لەسەر دەسەڵات بوو هیچی تر، هەریەکە دەیەویست گەورەترین پارچەی لە کەعەکەکە بەربکەوێت، من تەنها غەدرم قەبوڵ نەکرد و لەسەر هاوڕێیانی تازە هاتوو بۆ ناو دەستەی بەڕێوەبەر هاتمە وەڵام، دەنا هیچ کێشەیەکم لەگەڵ بەرنامە و ناو نەبوو لە داهاتووش نابێت، هەیە بوونی خۆی لە ئیدارەدانی کێشەوە دەبینێتەوە بۆیە درێژەی پێدەدات، چونکە بەبێ کێشە قورسایی و بوونی نامێنێت، مرۆڤی واش هەیە کێشەو ئینشقاق بۆتە بەشێك لە ژیانی، تێکەڵ بە کولتووری بووە.

کاتێك لە دوا جاردا کێشەکان گەورەوە بوون و گەیشتە ئاستی دوو بەرە، سێ ڕێگا چارەمان خستە بەردەستیان، نامەکان ماون کە بریتی بوون لە: دانیشتن لەگەڵ دەستەی چاودێر و ئیتفاق کردن لە گەڵیان. بەستنی کۆنگرەو یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە کۆنگرە، هەروەها دەستکێشانەوەی 8 کەس کە بەشێك بوون لە کێشەکان.

بۆ دەستکێشانەوەی ئەو ئەندامانەی بەشێك بوون لە کێشەکە کە پڕۆژەی کاك هادی باباشێخ بوو، لە یەکەم چرکە بە ئەرێ وەڵامم دایەوە، کاك قادر نادر و کاك تاهیر ڕەحیم پێش ئیستقالە کردنی ئەوانیش بە ڕاشکاوانە قەبوڵیان کرد، حاجی ئەنوەریش بە تەلەفۆن لەگەڵ من پەسەندیکرد، ئەوانی دی بەڕێزان " سالار سۆفی، دلێر محەمەد، سەلاح گەرمیان، جیهاد محەمەد " وەڵامی ئەرێیان نەدایەوە.

هاوکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەستەی چاودێر دەیان نامەیان بۆیان نارد، وەڵامی یەکنامەیان نەدایەوە، بگرە لە کۆنگرە دەنگیان لەوانیش زیاتر هێنابووەوە کەچی دانیان نا نا پێیان، لای ئەو برادەرانە سەربانێك و دوو هەوا بوو.

پرسیار: ئێوە لە 13 ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرە، تەنها 4 کەستان لە گەڵدایەو هەمووتان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست زیاتر نین ئیتر چۆن دەتوانن کارەکان بەرێوە بەرن؟

عەلی مەحمودمحمەد: سەرەتا حەزە کەم ئەوە بزانن 11 ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەمان هەیە، چونکە کاك نزار بوو بە بەرپرسی کۆمیتەبۆیە لە زمنی ئەو 13 ئەندامە نەما، کاك ئەمیریش ئیستقالەی کرد بۆیە سەرجەم 11 مایەوە، هاوکات هەموو بەرپرسانی کۆمیتەکانیش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرن، هەموو بەرپرسی کۆمیتەکان لەگەڵ ئێمەن جگە لە کۆمیتەی هۆڵەندا و سویسرا کە بەرپرسیان نەبوو تا ڕۆژی پێش کەرت بوونەکە، دیارە لای ئەو برادەرانە بۆ کاك ئەمیر ڕەوایە 3

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ساڵ بەرپرسی کۆمیتە بێت لە ولاتێك کە بە پێی بەرنامە 1 ساڵە ماوەکەی، هاوکات ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەش بێت کە بەرنامە ڕەتی کردۆتەوە وەلێ بۆ کاك نزار حەرامە؟، کاك ئەمیر و کاك دلێر چالاکترین کەسی ئەو گروپەن بەس باوەڕ ناکەم لە کاردا لە کاك نزار ئیشکەرتر بن. دیارە ئەوە دەست نییە هەزار پێیە کە ئەو بەڕێزانە باسی دەکەن، ئەگەر ئاوا کەم و حاشیەین با وازمان لێبێنن بۆخۆمان بمرین، ئەگەریش نا ڕاستی باشترە بووترێت، پەتی ناڕاستی لەمسەردەمە زۆر کورتە.

پرسیار: چۆن بڕیاری بەستنی کۆنگرەتان دا، ئەکرێت بەووردی تیشك بخەیتە چۆنیەتی خۆ ئامادە کردن بۆ کۆنگرە؟.

عەلی مەحمودمحمەد: وەك باسمکرد دەستەی بەڕێوەبەر بە مردویی لە دایك بوو، بە داخەوە بەشێکی بەس ئیمەیلکەر و قسەکەری ویکەند "پشووی کۆتایی هەفتە" بوون، نەخشیان لە ناو چاکدا نەبوو، ناکرێت ڕێکخراوێکی وەکو چاك تەنها سەیری شەڕە ئیمەیلی ئەمانە بکات، ڕێکخراو بە ئیمەیلکردن و تەلەفۆنکردن بەڕێوە ناچێت، ئەوەش لە بیرناکەم لە تەقسیمکارێك لە نێوان من و کاك سالار کرا، ڕێکخستنی کۆبونەوەو کاری ڕێکخستن بەر ئەو کەوتن، چالاکی و پەیداکردنی دارایی و ڕاگەیاندن بەر من، من کارەکانی خۆم بە یەك چرکە غایب نەبوون ئەنجامدا، وەلێ کاك سالار لە ڕێکخستنی کۆبونەوەکان سستی دەنواند، خۆی لێ دەپاراست و جارجارەش بۆ ماوەی زۆر کەس نایبینییەوە، ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریش بەشێکیان بوونیان تەنها لە ئیمەیلکردن و دەنگدان لە کۆبونەوەکاندا بوو، لە مەیدانی کارو پراتیکدا بێ ڕۆڵ و نەخش بوون، بۆیە کەوتنە پەراوێزەوە، هاوکات ئەو برادەرانە لە مانگی 6 دەوە کەوتنە ئەنجامدانی کۆبونەوەی داخراوی خۆیان، بۆ پڕ کردنەوەی ئەم بۆشاییە بڕیاری کۆبونەوەی گشتیمان دا، لە یەکێك لە کۆبونەوە گشتییەکان بڕیاری بەستنی کۆنگرەی نا ئاسایی درا.

پرسیار: چەند ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر ئامادەی ئەو کۆبونەوەیە بوون کە بڕیاری بەستنی کۆنگرەی تێدا درا؟

وەڵام: هەموو ئەوانەی ئێستا لە ناو چاکدا ماونەتەوە جگە لە کاك سەلاح مەزن، سەرباری کاك هادی باباشێخ کە ڕۆژی بەستنی کۆنگرە ئەو دیاریکرد، لەگەڵ کاك حاجی ئەنوەر و کاك تایەر ڕەحیم لەو کۆبونەوەیە بەشداربوون و تێبینی خۆشیان هەبوو، واتا نەك تەنها زۆربە بووین بەڵکە زۆربەی زۆریش بوین.

پرسیار:بەپێی ئەو زانیاریانەی کە دەست کەوتوون هەندێك ناوەندیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن و ڕەخنەی ئەوەیان هەیە کە کۆبونەوە گشتییەکان نیوە کەمتر لە ئەندامان بەشدار دەبن؟.

عەلی مەحمودمحمەد: ئەگەر نیوەش زیاتر بەشداربن ئەوان ڕەخنەیان هەردەبێت، ئەوان باوەڕیان وایە هەموو بڕیارێك دەستەی بەڕێوەبەر بیدات، دەستەواژەیەك بەناوی کۆبونەوەی گشتی لای ئەو بەڕێزانە بوونی نییە، ڕاستە نیوە زۆر کەمتر بەشداری دەکەن لە کۆبونەوە گشتییەکان، وەلێ ئێمە کۆبونەوەی گشتی ڕادەگەیەنین، بلاوی دەکەینەوە، بۆ هەموو ئەندامان هەیە بەشدارییکەن، کە نەتوانن بێن یان لە کوردستان خەت لاواز بێت ئەوە کێشەی ئێمە نییە. پاشان لەهەموو ڕێکخراوێکدا وایە خەڵکانی ئاکتیف بەشداری کۆبونەوەکان زیاتر دەکەن، یەك ئەندامم بۆ دەستنیشان بکرێت ویستبێتی بەشداری کۆبونەوە بکات ڕێگای پێنەدرابێت، یان دەنگەکەی نەژمێردرابێت، یان ئیرادەی پێشێلکرابێت، یان پێشنیاری گوێی لێنەگیرابێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

15-11-2007 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

پرسیار: هەڵبەتە لە ووتەکانی بەڕێزت دەردەکەوێت ئێوە کۆنگرە پشتگیری زۆربەی ئەندامانی چاکی لە پشتە؟

عەلی مەحمودمحمەد: بێشک زۆربەی هەرە زۆری، ئەوان داوای کۆنگرەیان کردوە، پاش ئەوەی ئێمە لەسەرەوە نەمانتوانی سەرکەوتوو بین، تەبا بین لە ناو خۆمان، دەستەیەکی کارکەربین، ئاساییە لە وەزعێکی وادا ئەندامان هەڵوێست وەربگرن و داوای کۆنگرەو گۆڕانکاری بکەن، هیچکات بیستووتە زۆربە لەکۆنگرەو هەڵبژاردنی نوێ بترسێت؟، هەموو کات گروپی یاخی بوو و سەرچڵ گومانیان لە سەرکەوتن لە ڕێگەی پرۆسەی دیموکراسی هەیە دژ بە کۆنگرەو هەڵبژاردنی نوێن.

پرسیار: کەواتە بەشداری نەکردنی باڵەکەی دیکەی ناوەندی چاك لە کۆنگرە بە هۆی ترس لە دەرنەچوونەوەیە؟

عەلی مەحمودمحمەد: پێم باش نییە بڵێیت باڵ، چونکە ئێستا ئەوان جیابونەتەوەو ڕێکخراوێکی دیکەیان هەیە، هیچ پەیوەندییەکیان بە ئێمەوە نەماوە جگە لەوەی ناو مێژووی کارەکانی ئێمە بەکار دەهێنن، هەرچەندە وەکو ئاماژەم پێیدا ئەوانیش کەموزۆر بەشدارن لەو مێژووە.

بە تەئکید وە خۆشیان لە چەندین جێگە باسیان کردووە، تەواو ترسیان لەوە هەبووە بەشێکیان دەرناچنەوە، ئاخر ئەندام دەنگ دەدات بەوەی کاروچالاکی بکات، دەستەی ئیمەیل ناردنی بۆ چییە؟، بۆیە وەك خۆیان لە بەیانەکەی 22-9 ئاماژەیان پێداوە ترسیان لەوە هەبوو کۆنگرە کودەتای سپی بێت بەسەریانا بکرێت، لە حالەتی وایا گرنگ نییە بەلایانەوە چاك دووکەرت بێت، گرنگ پارچەیەکی بە دەستیانەوە بمێنێت و کەڵك لە ناوەکەی وەربگرن، دەنا ئەگەر مەسەلە ئەوە نییە لە وەڵامی کاك خەلیلی غەزاڵی داوام لێیانکرد وەرن بۆ کۆنگرە با خۆمان هەڵنەبژێرین وەلێ یەکێتی چاك بپارێزین، سیاسەتی یان گشت یان هیچ ئێمەش بە یەك فلسی ناکڕین، پێش وەڵامەکەی من زۆر پەیوەندیان بە کاك خەلیلەوە کردبوو، وەلێ کە بە ئاشکرا وەڵامیانم دایەوە فزەیان لێبڕا.

بەلێ کۆنگرەی چاك پشتگیری زۆربەی ئەندامانی چاك، زۆربەی دەستەی بەڕێوەبەر، هەموو دەستەی چاودێر، زۆربەی زۆری کۆمیتەکانی لەپشتە، وە زۆربەی ئەوانیش نەك هەموو لە ترسی دەرنەچوون بەشداری ناکەن.

پرسیار: ئەوەی من ئاگادار بم دەڵێن بە نیازن ناو ئام بگۆڕن ئەمە بۆچی؟

عەلی مەحمودمحمەد: نیازی وامان نییە، وەلێ هەر ڕێکخراوێك کە کۆنگرەی خۆی دەبەستێت، پێویستە پێشتر پرۆژەی هەبێت بۆ ئەگەری هەموو گۆڕانکارییەك، لەوانەیە من لەگەڵ گۆڕانکاریدا بم، وەلێ زۆربە لەگەڵ ئەوەدان ئارم و ناوی چاك وەك خۆی بمێنێتەوە، با بزانین کۆنگرە لە دوا قسەی خۆیدا چی دەڵێت؟.

پرسیار: ئەگەر دەسەڵات بۆ لاوازکردنی ئێوە پشتگیری لەوان بکات چی دەکەن؟

عەلی مەحمودمحمەد: چاك بە بوێری و داهێنانەکان و هەڵوێستەکانیەوە جوانە، ئەو جوانیانەش هەموو لای خۆمان دەبینم، ئەمەش ئەگەرێکە و لە کاتی خۆیدا ئێمەش هەڵوێستی توندمان لەسەری دەبێت و بە جدی بیرمان لێیکردۆتەوە.

پرسیار: نموونە ئەگەر ئەوان بانگ کران بۆ کۆنگرەی ئەنفال و ئێوەش پەراوێزکران، یان بەشێوەیك لە شێوەکان توانیان لە ژێر ناو یان رابردووە ئەو ڕێکخراوەدا کاریان بەبی ئێوە ئەنجامدا چی دەڵێن؟.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

15-11-2007 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

عەلی مەحمودمحمەد: هەرگیز ناهێڵین ناو و مێژووی چاك لە هیچ بازاڕێك هەرزان فرۆش بكرێت، لە ڕۆژی خۆیدا ئەوەی پێشبینی ناكەیت دەبینیت و دەیبیستیت لە بەردەم ڕاگەیاندن و چاوی كامیراكان، بۆیە ئەوە محاڵە، ئەگەر لە كوردستان یاساو ڕێسایەك هەبێت و یەك حكوومەت هەبێت، ئەوا ئێمە لە كوردستان فەرمین، چۆن دەتوانن و ڕێگە بە خۆیان دەدەن خەڵكی دیكە بە ناوی ئێمەوە بانگ بكەن.

پرسیار: ئایا جیاوازییەكانتان لەگەڵ ئەو دەستەیەی جیابونەتەوە چیە، یان زۆرتر لە كوێوە سەرچاوەی دەگرێت؟.

عەلی مەحمودمحمەد: پێش كاركردن زیاتر جیاوازییەكان لەوەوە سەرچاوەی دەگرت كۆمەڵێك دەموچاوی تازە دەركەوتن لە چاك، بەشێك لەو بەڕێزانە بە بچووك بونەوەی خۆیان دەزانی، زۆربەیان نایانشاردەوە بە ئاشكرا دژایەتی ئەندامانی تازەیان دەكرد، بە سەپانیش ڕایانیان ناگرت، هەندێك كۆمیتە زۆر ئەكتیڤ بوون لە ماوەیەكی كەمدا زۆر دەركەوتن وەك كۆمیتەكانی بەریتانیا، سوید و نەرویج، دانمارك، لە كۆمیتەی ئەڵمانیاشدا چەند كەسێك وەك خاتوو ڕوناك ئەحمەد و گۆنا خان و كاك مەجید حەسۆ، لەم چالاك بونەوە دەموچاوی تازە لە چاك هاتنە پێشەوە، لێرەوە غیرە كردن پەیدا بوو، چەندین جار بەڕێز كاك جیهاد كە ئێستا لە گەڵیاندایە بەمنی گووتووە:كێشەكان هەموو غیرە كردنە عەلی سیاسی پشووت بەرین بێت، گوێ بە غیرە مەدە.

هەروەها ئەو بەڕێزانە دەیانووت: بەیان زۆر دەرەكرێت، كەچی ئێستا ڕەتمانیان داوە، دەیانووت بەیانەكان پێویستە دەستەی بەڕێوەبەر ببینێت، كەچی بەڵگەم لە بەردەستدایە بەیان نووسراوە یەك كەس زیاتر نەیبنیووە. دەیانووت چاك بووە بە نەتەوەیی، كەچی ئێستا خۆیان بە گەرمییەوە باسی سمكۆی شكاك دەكەن. دەیانووت نابێت چاك تەداخولی هەموو كارێك بكات، بەشێكیان دژ بە چالاكییەكانی شوانەی سەید قادر و عەدنان و هیواو قامشلوو بوون، ئێستا ئەگەر وەك ئێمە پێیان بكرێت سینگی خۆیانی لەسەر هەڵەدڕن، دیارە دەمی بە ترێكە ناگەیشت دەیووت ترشە نایخۆم. هەندێك لەبەر پێگەی سیاسی ڕابردوو تەمەنی بوونیان لە ناو چاك خۆیان بە خاوەند ڕێكخراوەكە دەزانی، ئەوان نایانزانی هەموو دەم ژەنەراڵی خانەنشین شەڕكەر نییە بەڵكە مردووە.

لەو بڕوایەدام لە داهاتوودا ئێمە چی بكەین ئەوانیش بە دواماندا بێن، چونكە هەموو كەس ناتوانێت داهێنەر بێت، پاشكۆیەتیش هونەری تێدا نییە، وەلێ لاساییكردنەوەش تەمەنی كورتە.

پرسیار: یانی ئێوە لەسەر میتۆدی كاركردنی خۆتان بەردەوام دەبن؟.

عەلی مەحمودمحمەد: بەڵێ عەقڵیەت و میتۆدی ئێمە تاكو ئێستا چاكی بەڕێوە بردووە، ئێمە خاوەند ئەو میتۆدەین لە چاكدا كاری پێكراوە و بە میتۆدێكی سەركەوتووی دەزانین و بە گۆڕانكارییەوە بەردەوام دەبین لەسەری، ئەو میتۆدەی:بەشداریمان كرد لە دادگایی نەزار خەزرەجی. یادی ئەنفالمان لە هانەدران كرد بە دیاردەی جەماوەری و 14-4 لە هانەدرانیش جێكەوت. بۆ یەكەمجار یادی كارەساتەكانی عامودا، قاڕنێ، سەردەشتمان كردەوە. دژ بە تیرۆری شوانەی سەید قادر، عەدنان و هیوا، ئیسماعیل محەمەدی دەستپێشخەری چالاكیمان كرد. سكاڵامان لەسەر وەفیق سامەڕائی تۆمار كرد، لە ژیانی سیاسی عێراق بزرمان كرد. دۆسییەی عەباسا ئاغامان كردە ناو دۆسییەی ئەنفالەوە لە بەغدا. دوو شایەدی گرنگمان بۆ دادگا پەیدا كرد " هەردوو پرۆفیسۆر". ئێستا لەسەر زۆر دۆسییەی حەساس كاردەكەین و چوینەتە پێشەوە لە داهاتوودا دەیانبیستن. پاكسازی لیستی شەهیدانمان كردە داواكاری جەماوەری. دژ بە داگیركەران لە پێشی پێشەوە بووینە، بۆ قامشلو، ماكۆ، مهاباد، تۆپباران، هێرشی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تورکیا دەستپێشخەر بوینە. لە دۆسییەی ئانرات موبادر بووینە لە بەشداریکردن لە دادگا، سکاڵاکەرانمان پەیدا کردووە، شایەدمان دۆزییوەتەوە، بەڵگەنامەی گرنگمان داوە بە دادگا، مولکیەی فکری بەشداری چاك لە دادگاکە هی ئێمە بووە، واتا ئێمە داوامان کردووە با بەو کارە هەڵبستین "بۆ کارەکانی ئەم دۆسییەیە کاك ئەمیر و کاك عەلی ڕەحیمی کاری باشیان کرد ".
کەمپینی 21-8، کەمپینی 18 پاکیزەکە میتۆدی کارکردنی ئێمە بووە. بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا داوامان کرد لە پەرلەمانتاران لە سوید و نەرویج و دانارك و هۆڵەندا ئەنفال بە جینۆساید بناسن، بەمەش دەیان پارت و ئەندام پەرلەمان هاتنە پشتی، ئەمە ئامۆژگارییەك بوو بۆ سەرجەم لایەنەکان دیکە هەمان ڕیچکە بگرنە بەر و لاسایی بکەنەوە، یەکەم خۆپیشاندانی کوردانمان لە بەغدا ڕێك خست. ئەمانەو زۆری دیکە، ئەگەر عەقڵی ئێمە لە پشت ئەمکارانەوە بێت، بۆ نەتوانین لە داهاتوو کاری مەزنتر بکەین، بۆچی لەسەر ئەم میتۆدە بەردەوام نەبین کە ئەم هەموو کارە گەورەیەی تەبەنی کردبێت، چاکیش بەم چالاکیانەوە دەناسرێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین هەر ئێمە چاکین و لە داهاتووش لە کارەکانی خۆمان بەردەوام دەبین، ئەمە بەو مانایە نییە ئەوان بەشداری ئەو چالاکیانەیان نەکردبێت، بەڵکە بەشدار بوونە لە بەشێکی، وەلێ تەبەنی چالاکییەکە ئێمە بووینە، بیرکردنەوە لە ئەنجامدان و کردن و ڕێکخستنی لە ئێمەوە بووە.
پرسیار: ماوەیەك لەمەوپێش بانگەوازێك بڵاوکرایەوە بۆ لایەنە پەیوەندارەکان، تیایدا داواکرابوو کە ئێوە بە چاك نەناسن؟
عەلی مەحمودمحمەد: لایەنی بەرپرس کێیە، ئەگەر حکوومەتی هەرێمە ئەوە ئیجازەی چاك بە ناوی ئێمەوەیە، ئەگەریش ژورەکانی پاڵتاکە ئەوە ڕەحمەتی ئەدمینەکان دەزانێت، نە ئەو بانگەوازەو نە بانگەوازەکانی دیکەش بە هەند ناگرین، وە ئێمە بانگەوازی لەو چەشنەش ناکەین، چونکە بەشێك لەو برادەرانە دەناسین، ئەگەر تەنیاش بن هەر بەو ناوەوە کار دەکەن تا مردن، مێژوییەکیش بە ئارەزووی خۆیان درووستی دەکەن بۆ خۆیان، ئەوە زۆر بڕ ناکات، چونکە ئەرشیفی چاك لە هەموو ماڵپەرەکاندا هەیە، مێژوو دروستکردن لەم سەردەمە سانا نییە.
پرسیار: دەنگۆی ئەوە هەبوو چاك بکەن بە پارتی سیاسی ئمە تا چەند ڕاستە؟
عەلی مەحمودمحمەد: قەت بیرۆکەی وا لە ناو چاکدا نەبووە، هەندێك برادەر لە ناو چاکەوە بزووتنەوەیەکی سیاسییان درووست کرد بە ناوی سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان، دوای لە پرۆسەیەکی ئینشقاقدا ئەگەر هەڵە نەبم وا بزانم سەری خورا.
برادەری دیکە هەبووە بیرۆکەی لەو چەشنەی هەبووە، هەشە کارکردنی لەناو چاك بەو ئامانجە بووە، وەلێ من بۆ خۆم و زۆربەی زۆری ئەو برادەرانەی لەناو چاك ماوینەتەوە قەت بیرۆکەی وامان نەبووەو ناشبێت. لە سەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چەند برادەرێکی ناوەند لەم بەرێزانەی جیابونەتەوە خۆیان بۆ پەرلەمان هەڵبژارد لەسەر لیستی زەحمەتکێشان، داوای بەیانی پشتگیرییان لێمکرد بەناو چاکەوە، من ڕێزی زۆرم بۆ زەحمەتکێشان هەیە، وەلێ نەمکرد، بکرابایا دەبووە هەڵە. کاتێك لە کوردستانی ئێران کۆمەڵەی بانگەوازی مانگرتنی دا یەکەم لایەن بوین پشتگریمان لێی کرد، وەلێ ئەگەر کۆمەڵە بەرامبەر دیموکرات بچێتە هەڵبژاردنەوە بێلایەنین، دیموکرات و پەژاکیش ئەو بانگەوازەیان بکردبایا پشتیوانیمان لێیان دەکرد، ئێمە بێلایەنین لە بەرامبەر بۆچونە جیاوازەکان ناو کۆمەڵگەی کوردی، وەلێ لەبەرامبەر داگیر کەران ئاساییە بەلامانەوە بانگەواز بکەین بۆ خەڵك دەنگ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بە دە تە پە بدەن لە تورکیا، وەلێ لە کێشمەکێشی پکك و پارتی سۆسیالست ئێمە تەواو بێلایەنین، چاك نە بیر لە دەسەلات دەکاتەوە نە کاری سیاسی، ئەوەشی ئەو چاوەڕوانییەی هەیە، لە چاوەڕوانییەکی بێهودەدایە.

پرسیار: هەندێك کەس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو کەسانەی لەناو ناوەندی چاکدان چاك بۆ بەرژەوەندی خۆتان بەکار دەهێنن شتی واهەیە؟

عەلی مەحمودمحمەد: ئەگەر بەرژەوەندی ماڵییە بچن هەموو کوردستان بگەڕێن ئەگەر یەك سانتیمەتر زەویم وەرگرتبوو چی خراپە ئەوەم پێ بکەن، ئەگەر بۆ سیاسیشە، کەی خۆم هەڵبژارد بۆ پەرلەمان، کەی حیزبم دروستکرد و حیزب داواتمی کرد لەگەڵ خەڵکی تردا ئەوسا حوکمی خۆتان بەن، ئەگەر لە ژیانم ناوی خۆم لە وەفدێکدا نووسیبێت تف بارانم بکەن، ئەگەریش مەبەستان دەرکەوتنی ڕاگەیاندنە، ئەگەر چالاکییەك خۆم نەمکردبێت و قسەم لەسەری کردبێت بە درۆم بخەنەوە، لە ناو چاك کەس ڕێگر نەبووە لەبەردەم دەرکەوتنی کەس، وابانم کارەکانم کەمتر نەبووە لە دەرکەوتنەکانم، مافم نەخورابێت مافی کەسم نەخواردووە، ئێمە بەرنامەمانە زۆرترین ژمارەمان دەربکەوێت، ئەگەر ئەوە هەوڵی من نە بووە با برادەران پەنجە بە چاوما بکەن، کەسێکیش بەس خەریك قسە کردن بێت، نە ڕاگەیاندن گوێی لێ دەگرێت نە مافیشی هەیە قسە لەسەر چالاکی خەڵکی دیکە بکات.

پرسیار: ئایا کێشەیەك لە ناو چاك بوونی هەبوو، بەناوی کێشەی دەسەلاتی کۆبونەوەی گشتی و دەسەلاتی دەستەی بەڕێوەبەرە؟.

عەلی مەحمودمحمەد: کاك سالار ڕاشکاوانە لە تەلەفۆن بە منی وت: تۆ ئەندامانت هەموو هار کردووە، ڕۆژێك خۆشت دەردەکەن. قسەکەی ڕاست بوو لە کۆبونەوەی گشتی مانەوەی کاك قادر و منیان خستە دەنگدانەوە هەموو دەنگیان بە مانەوەمان دا جگە لە برای خۆشەویستم کاکە عەدنان کۆچەر کوڕە ژیر و چالاکەکەی چاك، ئەو دەنگی پێمان نەدایەوە ئەوەش زۆر ئاساییە، من پێم وایە یەکێك لەو کەسە گرنگانەی زۆر کار بۆ چاك دەکات عەدنانە، دەنگ ئەدات یان نادات ئەوە مافی سروشتی خۆیەتی.

ئێمە پێمان وایە چاك دەبێت ئاسۆیی بێت، ئەندامان ڕۆڵیان لە هیدایەتی و بەڕێوەبردنی چاکدا هەبێت، لە پرۆژەی بەرنامە بۆ کۆنگرەی دووەم بە باشی ئەمە ڕەنگی داوەتەوە، وەلێ ئەو برادەرانە پێیان وا بوو دەستەی بەڕێوەبەر دەبێت بریار دەر بێت و هەموو دەسەلاتێکیش لەوەوە بێت واتا سستەمی بەڕێوەبردن هەرەمی بێت، ئەوان هیچ بڕیارێکی کۆبونەوەی گشتییان پێ شەرعی نەبوو.

پرسیار: زۆر بابەتت لە سەر نووسرا، ئایا لە لووت بەرزییەوە بوو وەك ئاماژەیان پێیدا وەلامت نەدایەوە، یان گرنگ نەبوون بە لاتانەوە ئەو نوسراوانەت بەهەند وەرنەگرت بۆ؟

عەلی مەحمودمحمەد: ئەوەی بمناسێت دەزانێت چەندە سادەم، وەلێ بە هۆی پێگەکەم لەناو ڕێکخراوەکە و ڕێزگرتن لە بڕیاری کۆبونەوە گشتییەکان و هێشتنەوەی ڕاستییەکان بۆ ئەوەی کار و ڕۆژگار ڕەتیان بکاتەوە قسەمان نەکرد و وەلاممان نەبوو، ڕوداوەکان و کاروچالاکییە زۆرو زەبەنەکانیشمان سەلماندی نە کەمایەتین نە گروپێکی حاشییەیی بێدەسەلاتین، بەڵکە ئیشکەر، داهێنەر، بوێرین، چەندە قسەدەکەین زۆر زیاتر دەکەین، ئەگەر بەمشێوەیە وەلامان دابێتەوە ئایا بە بڕوای ئێوەش باشتر نەبووە، لە موهاتەرات کردن. بە کردار سەلماندمان ئێمە چاکین، موبادری کار و داهێنەری چالاکین، لاسایی کەر و کۆپی کەرەوە نین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

15-11-2007 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

برادەرێك لەمرۆژانە هەزاران وشە ڕەخنەی لێمگرت، هەر هەمان برادەر لەو کاتانەی لە گەڵ کەسوکارەکەی لەناو چاك یەك ماڵ بووین بابەتێکی وای لەسەرم نووسی شەرمم دەکرد نەك بیخوێنمەوە، بەڵکە سەیری مانشێتەکەشی بکەم " چۆن عەلی مەحموودم بینی – باوکی لاس –هەواڵ ژمارە 167 بەرواری 4-2-2007 ".

من هەر ئەو عەلییە سادە و ساکارەم ئەو باسمی کردووە، بە زەرە نەگۆڕاوم، هەموو ڕەخنەکانی ئەو برادەرە چەپە لەسەر من ئەوە بوو زمانی بیانی نازانم، تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ئەمەریکاش ئەو بڕیارە نییە سەرۆك چەند زمانی بیانی بزانێت، قوڕ بەسەر کرێکار لەسایەی ئەم باوەڕەوە بگات بە دەسەڵات.

ڕاستە من زمان نازانم، وەلێ چاك پڕە لە زمان زان و کەسانی شایستە و پڕ ئەزموون، لە من جوانتر، پۆشتەتر، زیرەکتر و زمانزان تر، ئەوان دیاریدەکەن کێ لەو جێگەیە بێت نەك زەوق و سەلیقەی کەسێك، لێرە ئامۆزاکەی تورە بێت لەوێ ئەو بنووسێت، لەوێ ئەو بترسێت لێرە ئەم بیگرێت.

بەڕێزی وا هەیە هەموو ڕۆژێك لەسەر ناوی چاك بابەتێك دەنووسێت و نامەم بۆ دەنێرێت کە چاك نیم، کەچی هێشتا بە تەواوی وادەی ئەندامبوونەکەی پڕ نەکردۆتەوە، ئەگەر دەستبکەینە وەڵامدانەوە ئەوا ئەبێت هەر فریای وەڵامدانەوەی ئەو بەڕێزە بکەوین، باشە تورکیا و سزای تاوانکاران گرنگە کار و قسەیان لەسەر بکەین لەمر ۆژگارە بێکەسییەی نەتەوەکەمان یان وەڵامدانەوەی ئەو بەڕێزە کە بابەتی بە دەستەوە نییە لەسەریان بنووسێت جگە لە ئیمەیلەکانی من، بۆیە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت و پێویست بە کاتکوشتن و بە ڕاوەستان لە سەری ناکات.

دەیان قەڵەم بەدەستی باش لە ڕیزەکانماندان، لە ئێمەو ئەوان بە تواناتر، ژیرتر و پڕ ئەزموونتر، کە قسە ناکرێت لە ڕێزگرتن لە خودەوەیە، هەمووکات مرۆڤی مەند ئێشکەرتر و نەترستر و بە تواناترە، خەڵکی شەڕانی و بە هەڵپە و شەڕفرۆشمان زۆر بینیوە، ئەنجامی کارەکانیان هەر شکست بووە.

پرسیار: ماڵپەڕی سەرەکی پێشووی چاك بە دەست برادەرانی ترەوەیە وەکو دەبینین لە ئێستادا دوو سایت هەیە، ئەوان شەرعییەتی خۆیان لەمەوە دەبیننەوە کە سایتی پێشووی چاك لەدەستی ئەواندایە، ئێوە وەکو ناوەندی چاك ئەو سایتەی ئیچستا هەتانە بەناوی چاك بی ئەمەیان چیە یان، بۆ ئەمەچی دەڵێیت؟

عەلی مەحمودمحمەد: لە زووەکەوە لە گەڵ برای هێژا کاك سالار سۆفی بیرمان لەوە کردەوە سایتێکی دیکە بکرین، دەمانزانی ئێمە نابینە خاوەند ئەو سایتانە.

سایتی یەکەم بەناو کاك دلێرەوەیە، یەکەم ڕۆژی پەیوەندی پێمانەوە کرد، لە بەرواری 23-10-2002، ئەو سایتەی بە دیاری بۆمانکری، هیوادارم ئەو مێژووە ڕاست بێت کات غەدرم لێنەکات، ئاساییە دیارییەکەشی باتەوە، ئێمە لە کۆبونەوەیەکی گشتی چاکدا قسەمان لەسەر دانانی سایت دەکرد، کاك دلێر و کاك عومەر فارس هەردوکیان پێشنیاریان کرد لە حیسابی خۆیان سایتمان بۆ بکرن، ئەو شەوە کاك دلێر کری، هەر سایتێکیش کە دەکردرێت بە ناوی کەسێکەوە تۆمار دەکرێت، کە ئەم سایتە فول بوو پارەمان هەبوو لای کاك ئەمیر قادر، ئەویش پێش ساڵ و نیوێك سایتێکی تری کری، بۆیە هەردوو سایتەکە کەوتە لایان، کە کاك ئەمیر لە بەرواری 20-11-2006 ئیستقالەی کرد، ئەو بەڕێزەی بەڕێوەی دەبرد ئەویش وتی: ئیتر تازەی ناکەمەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە سەرەتاوە ئێمە ناڕازی بووین لەوەی چاك ئینفۆ کرایە پەراوێزی سایتە نوێکە، کاك ئەمیر پرۆژەی ئەوەی هەبوو ڕاگەیاندنی چاك لە بەردەست خۆیدا بهێڵێتەوە تەرویجی ئەفکاری سیاسی خۆیانی لە ڕێگەوە بکەن، ئەو بە نەخشەوە ئەو کارەی دەکرد نەك لە خۆیەوە، ئەو کەسێکی سیاسی بوو لە سەرکردایەتی یەکێك لە باڵەکانی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو دەیزانی چی دەکات.
لە یەکەم کۆبونەوەی دەستەی بەڕێوەبەردا کاك جیهاد پێشنیاریکرد نووسینەکانی من و قادر نادر لەبەر ئەوەی توندە و زیان بەچاك دەگەیەنێت لای دەسەڵات بۆیە لە ماڵپەڕەکەمان بڵاو نەکرێتەوە، کاك ئەمیریش هەمان هەڵوێستی گرتە بەر، لە سەر نووسینێك لە ڕۆژنامەی هەواڵ بڵاو کرابوەو بە ناوی حرینگەی پارێزەران شەڕی لەگەڵمدا کرد وتی: نووسینەکەت زیان بە عومەری ئامۆزام دەگەیەنێت، یەکەم ئەندامی ئەوڕێکخراوە بووم و کاك ئەمیر و کاك عومەریش و کاك دلێریش لە ڕێگەی منەوە پەیوەندیان بە چاکەوە کرد، یاساغیان کرد نووسینەکانم تەنانەت ئەوانەی لەسەر ئەنفالیش بوون لە سایتەکەدا بڵاوبکرێنەوە، کەچی بەردەوام وەك ستۆدیۆ وێنەی خۆیان بە دارەوە بوو لە ماڵپەڕەکە، تەنانەت وێنە کچەکەشمیان لەسەر سایتەکەیان لادا، کە هێمایەك بوو بۆ دادگایی ئانرات و چاك و بەرائەت.
تۆ کە سایتت نەبێت بۆ ڕێکخراوێکی بەرینی وەك چاك، بۆ کۆکردنەوەی ئیشەکانت پێویستیت بە سایتێکە، کە نەتدرێتەوە مەجبوریت بە دوای ئەلتەرناتیڤدا بگەڕێیت، بە داخەوە لە کۆبونەوەیەکی گشتیدا کاك دلێر بڕیاری دا سایتەکەمان بداتەوە، وەلێ بەشێکی دا، بە برادەرانم وت باوەڕ بکەن ئەمیش لای نییە، دوایی هەروا دەرچوو، وابزانم کاك ئەمیر بە ئێستاشەوە هەموو کۆدەکەی نەدا پێیان، ئەمە قسەی کاك ئەمیرە " ئەگەر زۆرینە لاتان وایە کە بوونی من لە چاکسازیدا یان فراکسۆنی ئێوە زیانتان لێدەدات من زۆرینەی دەنگتان ڕێزلێدەگرم و ناوی من لابەرن و هیچ کێشەیەکم نیە، بەڵام بەو وەزعەشەوە من لەباری ئسوڵیەوە خۆم بەهاوڕێتان ئەزانم، و هەرگیز ناچمە ژێر باری ئەوناعەدالەتیانەی کە لەلایەن دەستەیەکەوە دەکرێت و من زیاترین دژایەتیم کردووەو بێدەنگ نەبووم و بێدەنگ نابم. وێڕای ئەوەش کەدەزانم ئێوەش و هاوڕێیانێک لەهەندێک شتدا دژ بەمن بەشداربوون و هەنێک نارەوایی دەبینم (نموونەی ئەوەی کە من چەندجارم بەکاك سالارو کاک دلێر ووت سایتەکەتان ئەدەمێ و ئێستاش ئیمەیڵەکان ماوون، کەچی ئێوەش ئەڵێن ماڵپەڕ دەستی بەسەردا گیرابوو، بەڕێزان ئەمە هەمان بەزمی عەلیە کامەران یەک ڕۆژ فێری کرد شت بخاتە ماڵپەڕەوەو پاسۆردو هەموو شتی بۆ دروست کرد بۆ ئێوەو بۆ هەمووتان کە چی ئەڵێت و ئێوەش ئەڵێن دەستی بەسەرداگیراوە، ، ، ، ئەمە چی بێ ویژدانیەکە بن بەست و ناهەڵسوڕانی هەردوو لا لەسەری من و کامەراندا بشکێننەوە، من ناڕاستی قەبووڵ ناکەم، ، و هەمووشت لە شوێنی خۆیدا ئەبینم، بۆ وازهێنان و بڵاوکردنەوەی لەیەک ووشەی پەشیمان نیم، ، ) بەلام دڵنیابن من ئەوانە بەهەند وەرناگرم ".
ئەوەی ڕاستی بێت کاك کامەران نەك ڕۆژێك بەڵکە کەمتر لە کاتژمێرێك هات بۆ لام و کۆدی ئەوەی دا پێم بابەت بنێرم بۆ ئەدمین وەلێ یەکێکی دی دایببەزێنێت، ئەوانیش وا دیارە لەوە زیاتریان وەرنەگرتووە. ئێمە لە مانگی 7 نامەیەکمان بڵاو کردەوە ڕامان گەیاند ئەو سایتانە دەستیان بەسەردا گیراوە و پەیوەندیان بە ئێمەوە نییە، سایت و ڕۆژنامەکان ئەو ئاگادارییەیان بڵاوکردەوە، بۆیە ئەو سایتە شەرعییەتی نەماوە پێش ئەوەی ئەو برادەرانە جیا ببنەوەو ئینشقاق بکەن.
پرسیار: دوای جیابوونەوە کۆمیتەکان چۆن کار دەکەن؟.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

15-11-2007 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

عەلی مەحمودمحمەد: لە زۆربەی وڵاتەکان کۆمیتەکان لە شوێن خۆیان ماونەتەوە بە کۆمیتەی باشوور و خۆرهەڵاتیشەوە، جگە لە کۆمیتەی سویسرا زۆربەی ئەندامە کۆنەکان لە گەڵ ئێمەدان، خەلەلمان لەو بارەیەوە نییە.
پرسیار: کۆمیتەی کوردستان بەیانێکیان دەرکرد بێلایەنی خۆیان ئاشکرا کرد، هەر لەو بەیانەشدا نوسیانە ئێمە وەکو نوسینگەی سلێمانی هەموومان دەستمان لەکار کێشاوەتەوە ئەوە تاچەند راستی هەیە؟.
عەلی مەحمودمحمەد: ئەو نامەیە بە واژۆی 5 بەڕێزە نەك هەموو ئەندامان، نەك نیوە، نەك چارەك، پاشان 3 لەو بەرێزانە پابەند بوون خۆیان بەو بەیانە ڕەتکردەوە، ئەوەی ماوەتەوە تەنها کاك عومەر ئەوانیش بێلایەن نین، بە مزگێنییەوە نووسی چاك کێشەی تێکەوت، لەسەر نوسنیگەی سلێمانی ناوەندی چاکیش ئێستا (ڕێژین ئیبراهیم) بەرپرسی نوسینگەی سلێمانیەو خۆشبەختانە دوابەدوای ئەوەش ئێستا ستافێکی کارای هەیەو دوابەدوای ئەوەش ئۆفیسی ناوەندی چاك لە هەڵەبجە کرایەوە.
پرسیار: کۆمیتەی سویسرا وەك دەنووسن چالاکترین کۆمیتەی چاکن، ئێستاش لەگەڵ ئێوە نین؟.
عەلی مەحمودمحمەد: بیستووتە کەس بە دۆی خۆی بڵێت ترشە، ژمارەی چالاکی و قەبارەی چالاکی دەزانێت، سەیری ئارشیف بکەن، لەو بڕوایەدام تەنانەت کۆمیتەی ئەڵمانیاش ژمارەی چالاکییەکانی زۆر زیاتر بێت لەو کۆمیتەیە.
تا ئێستا لە سویسرا یادی ئەنفال، سەردەشت، عامودا، قارنێ بۆ یەکجاریش نەکراوەتەوە، خۆپیشاندان بۆ 21-8، بۆ بردومانبارانکردنی ناوچە سنوورییەکان، بیکەر هاملتۆن، عەدنان و هیوا نەکراوە، ئیمزا بۆ بە ژینۆساید ناسین کۆنەکراوەتەوە، کۆنگرەو کۆنفرانس ڕێك نەخراوە، ئەوەی زیاتر کراوە لە وڵاتانی دی نەکراوە خۆپیشاندانێکی 33 کەسی هژارانە بووە لە یادی پەیمانانامەی لۆزان، وەلێ لە ساڵی 2004 و 2005 ئەکتیڤترین کۆمیتەی چاك بوون، ئەو ئاکتیڤ بوونەش بۆ کاك هیوا ناسیح و کاك عوسمان تازیك دەگەڕێنمەوە.
پرسیار: چوونە لە ئەڵمانیا کۆمیتەتان درووستکردووە؟
عەلی مەحمودمحمەد: کاتێك ڕێکخراوێك کەرت دەبێت ئاساییە هەر لایەنە بەدوای پڕکردنەوەی بۆشاییەکەی خۆیانەوە دەبن، ئێمە گازندەمان نییە لەوەی کاك دلێر خوشکی خێزانەکەی بکات بە بەرپرسی کۆمیتەی چاکەکەی لە دانمارك، لە نەرویج کاك جیهاد چاکێکی دیکە بە دڵی خۆی درووست بکات، بەڵام ئەوە پەندە ئەوەی سواری ئەسپی خەڵك بێت هەر پیادەیە، لە کوردستان کاك عومەر بکەن بە نوێنەری خۆیان لە جێگەی کاك سەلاح مەزن، لە هۆڵەندا کاك ئەمیر هەموو کۆنە هاوبیرەکانی خۆی بکات بە ئەندام، هیچ گلەیی و گازمدەیەکمان لەمە نییە، ئێمە دڵداری ناکەین تا ئەو شتەی دڵ ئازار بدات و بئێشێنێت لێی دوربکەوینەوە، دوو ڕێگای جیامان گرتۆتە بەر بۆ یەك ئامانج لە ڕواڵەتدا، هاوکات پێویستە ئەوانیش بەلایانەوە ئاسایی بێت ئێمە سبەی لە سویسرا و وڵاتانی دی کۆمیتەی خۆمان درووست بکەینەوە، تاسەر گوێ لە جنێو باران ناگرین و سڵی لێناکەینەوە، هەموو زاڵمێك زەواڵێکی لێپەیدا دەبێت، ئێمە ئەو کارانە بە هەڵپە ناکەین و بۆ دوای کۆنگرەمان هەڵگرتووە وە دەشیان کەین.
لە خوارەوە چەند نامە و برگەی نووسینێ بەرێزێکتان پێنیشان دەدەم، کە خۆی خۆی بە ئەندامێکی دڵسۆزی چاك ناو دەبات، ئەوجار خۆتان بڕیار لەسەر مسباقیەتی نووسینەکان بدەن:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

15-11-2007 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

" ئەمەی خوارەوەش نامەیەکی ژێر بە ژێری کاک عەلی مەحمود ە کە بۆ کۆمیتەی نەرویجی (چاک) یان نووسیوە و داوا دەکات چیتر نامەیان بۆ نەنێرن و ئەو دەرگایە دابخەن!!!! لەبەر ئەوەی ئەو هاورێیانەی کۆمیتەی نەرویج سەر بە کوتلەکەی بەرێزی نین. دیارە بۆ ئیستیفزاز، ئەم نامەیە بۆ هەموو ئەندامان نێردراوە. منیش یەکێکم لەوانەی ئەو نامەیەم بۆهات ".
ئەم کۆمیتەیەی ئەم کاکەیە باسی دەکات تازە دروستکراوە لە لایەن بەڕێزان کاک دانا قادر و کاک جیهادەوە، کاک دانا پێشتر بەرپرسی کۆمیتەی نەرویج بوو وەلێ دوایی دەرنەچووە، هیچ گلەییەکمان نییە لە دروستکردنی ئەم کۆمیتەیە، بە کارێکی ئسوڵی دەزانین مادام دوو ڕێکخراوی جیاین، ئەمە لە کاتێکدا کۆبونەوەی کۆمیتەی ئەڵمانیا لە سایتەکان بڵاو کراوەتەوە و لە دوای ئەوە بوو ئەوان دەستپێشخەریان کرد لە دروستکردنی ئەو کۆمیتەیە، وەلێ ئەوەی نەرویج ژێر بە ژێر کراوە، پاشان هەموو کەسێك ئازادە لەوەی ئیمەیل لە کەسانی دیکە وەربگرێت یان نا، ئێمە هیچ پەیوەندییەك ڕەبتمان ناکات بەم کاک جیهاد و کاک دانایەوە تاکو موجبەر بین ئیمەیلیان لێوەربگرین، تاکو من لەسەر یەك هەواڵ 4 ئیمەیل وەربگرم لەسەر خۆپیشاندانێك لە نەرویج کە پێشتر 8 ڕاپۆرتم لە لایەن 8 ڕێکخراوی دیکە نووسراوە لە سەری خوێندبێتەوە، تەنانەت داوام لە برادەرانی خۆمکرد لە خۆپیشاندانەکە لە ڕیزی پێشەوە بەشداربوون هیچ نەنووسن لەسەر ئەو کارە چونکە بێتام بوو، من لە 9-24 وەوە هەموو ئەو بەڕێزانەم لە ئیمەیل گروپی خۆم دەرهێناوەو هیچ نامەیەکیان بۆ نانێرم، بۆیە مافی خۆمە داوایان لێبکەم ئیمەیلم بۆ نەنێرن، دیارە زۆر برادەری دیکەش هەمان داوایان لێیان کردووە، هیوادارم ئەوان ژێر بن، دواتر ئیمەیلێك بۆ هەموو ئەوانە چوبێت کە لە گروپەکەدا بوون، بۆ دەبێت ژێر بە ژێر بێت، ئەمە ژێر بە ژێر بێت ئەی ئاشکرا کامەیە؟.
سەیر بکەن بزانن بەڕێز کاک حاجی ئەنوەر لە سەر هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەی ئەڵمانیا و سوید چی دەنووسێت:
ئایادروستکردنی کۆمیتەی ئەڵمانیا لەلایەن عەلی و ڕووناک ئەحمەدەوە هەمان عەقڵیەتی بەعسی و ینک و پدک نیە کە بەدوور لە واقیع، حزب و ڕێکخراویان دروست دەکرد؟. ئایادروستکردنی کۆمیتەی سوید بەبێ ئاگاداری بەرپرس و جێگرەکەی (دکتۆر ئومێد و چنورسدیق) گاڵتەکردن و سوکایەتی نیە بەهەمومان و بەتایبەتی ئەوکەسانەی کە دڵسۆز و ئەندامی خۆبەخشی چاکن.
ئەمە لە کاتێکدا بەڕێز کاک ئومێد بۆ خۆی لە کۆبونەوەکە بەشدار بووە، بە دەنگ لامان پارێزراوە دەڵێت هەڵبژاردنەکە شەرعییە، جگە لەوەی فەقیرە نەك دکتۆر مزەمیدیش نییە، چنووریش پێش زیاتر لە هەفتەیەك ئاگادار کراوەتەوە لەو کۆبونەوەیە، لە ژورەوەش بووە.
کاک جیهاد لە نامەیەکدا بۆ ئیمەیلی چاك-چاکسازی ناردووە لە بەرواری 19-10، تیایدا ڕەخنە لە دەستەی ڕاگەیاندنەکەیان دەگرێت کە کاک عومەر وەکو نوێنەریان لە کوردستان ئاماژە بە ناوی نەدراوە لە دەستەی ڕاگەیاندن. بەم شێوەیە ئەم برادەرانە هەموو ڕەوایەتییەك بە کاری خۆیان، بەجنێوی خۆیان دەدەن، بۆیان ڕەوایە کەسان بەرزبکەنەوە، لادەن، کۆمیتە درووست بکەن، وەلێ کارەکانی ئێمە بە کاری بەعس و ینك و پدك دەزانن، ئەمە لە کاتێکدا ئەم کاک حاجی ئەنوەرە چەندین مانگ نووسینی جەنابی سەرۆکی ڕاگرت تەنها بۆ ئەوەی یارمەتی وەربگرێت لە خەزێنەی جەنابی سەرۆکەوە.
پرسیار: دەڵێن دارایی چاکت لای خۆت هێشتۆتەوە، لە کاتێکدا بەرپرسی دارایی هەبووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

15-11-2007 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

عەلی مەحمودمحمەد: دارایی چاك لە هەر کۆمیتەیەك لای بەرپرسی داراییەکەیە، تاکو ئێستا یەك قڕان لە کۆمیتەیەکەوە نە هاتووە بۆ من، تەنها ئەوە نە بێت من بەرپرسی دارایی بوومە لە کۆمیتەی هۆڵەندا، بە پەیوەندیی خۆم کۆمەکم پەیدا کردووەو یارمەتی کۆمیتەکانی دیکەشم داوە، داواشم کردووە با سەربەخۆیی خۆمان بپارێزین کۆمەك وەرنەگرین، ساڵانە هەر ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەر بڕی 500 دۆلار بدات کەچی وەڵامم وەرنەگرتۆتەوە نامەکەم ماوە، بەرپرسی دارایی یەکجار ئەویش بە بێ پرسی کۆمیتەکەی شتی فرۆشتوەو قازانجەکەی 1000 دۆلار بووە داوە بە چاك، هەرچەندە دەستخۆشیمان لێی کرد وەلێ ئەوە لادان بوو لە کاری ڕێکخراوەیی، هاوکات کاری وا پێویستە لیژنەیەك بە تایبەتیش بەرپرسی دارایی وڵاتەکە ئاگادار بێت، تەنانەت نەشمان پرسی چۆن داهات 1000 دۆلاری ڕێك بوو بە بێ زیاد و کەم؟؟ چونکە گومانمان نەبوو لە دەست پاکی ئەو بەڕێزە کە ئێستاش لەگەڵ ئەو دەستەیە جیابونەتەوە، وەلێ سودفەیەکی سەیرە.
پرسیار: پێشبینی دەکەن لە کۆنگرە گۆڕانکاری ڕیشەیی ئەنجام بدەن؟
عەلی مەحمودمحمەد: بێشك باشترین پڕۆژەی بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆ پیشنیارکراوە بۆ کۆنگرە، گۆڕانکاری ڕیشەیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، هەروەها بۆشایی ڕێکخراوەیی ناو چاك پڕدەکاتەوە، دەستەیەکی بەڕێوەبەری مونسەجم و قەبوڵکردنی کۆبونەوەی گشتی وەك بڕیاردەر، کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونەکانی سەردەمی گەڕەلاوژێی چاك دەباتە ئاستێکی دیکەوە، هیوادارم لە کۆنگرەدا دەستەیەکی بەڕێوەبەری تازە بە خوێنی تازەوە، ئیشکەر هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لە دوای کۆنگرە چاك بەڕێوە ببەن و بیگەیەننە قۆناغێکی باشتر، بیکەنە ڕێکخراوێکی ئاسۆیی تەمەن درێژ.
پرسیار: ئەگەر هەوڵی تێکدانی کۆنگرەکەتان درا چی دەکەن ئامادەکاری ئەوەتان کردووە؟
عەلی مەحمودمحمەد: ئەوە کارێکی لۆمپەنانەیە هیوادارم کەس خۆی نەباتە ئەو ئاستەوە، باوەڕیش ناکەم لە چاکدا کەسانی بەو شێوەیە هەبوبێت، ئەگەر ئەوان باوەڕیان وایە ئێمە گروپێکین و پێویستە ناو و ئارمی خۆمان بگۆڕین، ئەوا دەبێت پێخۆشحاڵ بن کۆنگرەیەك ببەستین لەو داوایەیان بکۆڵینەوە، ئەگەر زۆربەش ڕازی بوون داواکەیان جێبەجێبکەین.
سەرچاوەکان کە یارمەتیان دام بۆ سازدانی ئەم چاوپێکەوتنە، هەروەها ئەو بابەتانەی پێشتر بڵاوکراونەتەوەو پەیوەستن بەم چاوپێکەوتنەوە:

www. anfal. be
http://www. chak. be/pages/Beyani%20Damezrandni%20CHAK. pdf
http://www. klawrojna. com/index. php?option=com_content&task=view&id=10961
http://www. nawandihalabja. com/ku/index. php?option=com_content&task=view&id=746&Itemid=9
http://www. klawrojna. com/index. php?option=com_content&task=view&id=8997&mosmsg=Thanks+for+your+vote%21
http://www. klawrojna. com/index. php?option=com_content&task=view&id=10086&mosmsg=Thanks+for+your+vote%21

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.